# پرسەی حزبی شیوعی کوردستان ـ کۆمیتەی ڕێکخستنی دەرەوە، بەبۆنەی کۆچی هونەرمەندی گەورەو ناسراوی کورد مەرزیە فەریقی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی مەرگی ناوەختی هونەرمەندی گەورەو ناسراوی گەلەکەمان مەرزیە فەریقی گەیشت و، ئەو هەواڵە لە ناخەوە ئێمەی هەژاند.
تێکوشەر و هونەرمەندی پایە بەرز مەرزیە فەریقی شان بە شان لە گەل هاوسەرە تێکۆشەرەکەی هونەرمەندی گەورەو ناسراوی گەلەکەمان ناسری رەزازی بە چەك وەك پێشمەرکە دژی کۆنەپەرستانی درندەو رژیمە دیکتاتورییەکان و، بە سروودی نیشتمانی لە پێناو خۆشەویستی نیشتمان و گەل و مرۆڤـ و هەموو خیرخوازانی پێشکەوتنخواز بەشداریان کردووە.
ئەم کەڵە ژنەو هونەرمەندە ناسراوەی کوردستان کەسایەتییەکی کۆمەلایەتی بەناوبانگ بوو، هەمیشە لە ریزی پێشەوە داکۆکی لە مافی ئافرەتان ئەکرد.
کۆچی دووایی هونەرمەندی تێکۆشەر مەرزیە فەریقی زیانێکی هونەری گەورەیەو، کەلێنێکی بۆ گۆرانی کوردی و سەرجەم هونەری رەسەنی کوردی دروست کردو، بە ئاسانی پر ناکرێتەوە وسارێژ نابێت.
بەبۆنەی ئەم کۆستە گەورەیە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە برای هونەرمەند کاك ناسری رەزازی وکاك مەسعودی فەریقی وبنەماڵەکەیان و هەموو هونەرمەندانی کوردستان و دۆستانی دەنگە خۆشەکەی مەرزیەیەی فەریقی رائەگەینین و، هیوادارین ئەمە دووا ناخۆشی خانەوادە ی رەزازی و فەریقی وهەموو لایەك بێت.
هەزار سلاو لە مەرزیە فەریقی هەمیشە زیندوو.

حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق
کۆمیتەی رێکخستنی دەرەوە
2005/9/19